# قەیرانی دارایی لە کۆڵی سەرمایەداری نابێتەوە

تۆم برۆمبێل

وەرگێڕانی: ئاری مەحمود

ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر قەیرانی ئابوریی جیهاندا تێدەپەڕێت و بە ئێستاشەوە جیهان زیاتر بەسەر دەوڵەمەند و هەژاردا دابەشبووە و لەڕووی سیاسییشەوە ناجێگیرە.
کاتێک بازاڕی خانوبەرەی ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٧ دا هەرەسی هێنا، کەم کەس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە لەوماوەیەدا چی ڕوودەدات، و سیستمی ئابوریی ئەمریکا کە ڕێژەیەکی زۆری لەو قەرزانە بە ڕەهن لە بازاڕی خانووبەرەدا کۆکردبووەوە، دەستی بە داڕووخان کرد، ئەویش پاش پاکتاوکردنی چەندین بانکی وڵات و پاشتر قەیرانە ئابوورییەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ دا دەبێتە هۆی پەکخستنی سیستەمی دارایی هاوپەیمانێتیی ناتۆ.
بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دارمانی یەکجاری، زۆرینەی وڵاتان بەرنامەیەکیان داڕشت ئەویش بەرنامەی هاوکاریی بانکی و بە ملیۆنان و بگرە تریلیۆنەها دۆلار هاوکاریی بانکەکانی خۆیان کرد، ئەمە لەپاڵ ئەو گەرەنتییە بێسنوورانەی دەوڵەت بۆ بانکەکان.
پاش پرۆسەی ڕزگارکردنی بانکەکان، پرۆگرامی چاپکردنی دراوی تازە و سیاسەتی خستنەبازاڕی زێدەتری دراو پەیڕەوکرا، پاش سێ خول لەم پرۆگرامە تێکڕای سودی ڕەسمی ئەمریکا دابەزی بۆ ٠.٢٥% و دواتر ئەم بەرنامە ئەمریکییە لەلایەن بانکەکانی وڵاتانی وەک بەریتانیا و یابان و بانکە ناوەندییەکانی ئەورووپاشەوە پیادەکرا.
دواتر و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ دا قەیرانی ئابوریی جیهان وڵاتانی گرووپی ٢٠یش دەگرێتەوە و بە هەمان شێوەی وڵاتانی گروپی ٨ هەمان بەرنامەیان پیادەکرد، بەمەبەستی هاوکاریکردنی کۆمپانیاکان، ملیارەها دۆلاریان خستە خزمەتی کۆمپانیاکانەوە، ئەم بەرنامەیە بۆ سیستمە سەرمایەدارییەکان وەک گشتێک تاڕادەیەک جێگری بۆ ماوەیەکی کاتی بەدیهێنا، بەڵام چینی

کریکار باجێکی زۆری دا. لەتەک ئەم پاڵپشتییەی ولاتان بۆ بانک و کۆمپانیاکان، هاوکات دەستکرا بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان لەبەرامبەر بەشەکەی تری کۆمەڵگادا.
بەدرێژایی ماوەی دە ساڵە هێرشەکان ڕووە و کەمکردنەوەی (کریێ)ن و هیچ مانایەک بۆ خۆشگوزەرانی نەماوەتەوە لە ئەمریکا و ئەوروپا، بە هەزارەها فەرمانبەری کەرتی گشتی و بانکەکان و کۆمپانیاکان لەسەر کارەکانیان دەرکران و دواتر بە کرێیەکی کەمتر و بە گرێبەستی کاتی هێنرانەوە سەر کار.
حکومەتی ئەو ولاتانە هەستان بە تێکدانی سیستەمی باج، ئەویش لە بەرژەوەندیی دەوڵەمەند و خاوەنکارەکان بە وەرنەگرتنی باج لێیان، ئەمەش دەرەنجامێکی لێکەوتەوە، ئەویش گەشەکردنی تێکرای داهات سەبارەت بە قازانج لە ولاتانی گروپی ٢٠ و لە هەمانکاتیشدا کەمبوونەوەی (کرێ).

لەپێناوی ڕێگریکردن لە کرێکاران لە نواندنی سیاسەتێکی پێچەوانە بۆ ئەم بارودۆخە، سەرمایەدارەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان خستە گەڕ بۆ پەکخستن و هەڵوەشاندنەوەی دیموکراسیەت. ئەمە بوو بە هۆکاری نەمانی خۆشگوزەرانی لە ولاتانی دەرەوەی گروپی ٢٠ و زۆربوونی نایەکسانی، وەک سەنتەری لێکۆڵینەوەی(ئۆکسفام) ڕایگەیاندووە، نیوە هەژارەکەی جیهان بە ڕێژەی ١% ی هەموو زیدە سامانی جیهانیان چنگدەکەوێت، بەڵام نیوەی هەموو ئەو زیدە سامانەی جیهان لە چنگی ١% ی دانیشتوانی سەر زەویدایە لە ساڵی ٢٠٠٠ وەوە، بەواتای ئەوەی لە ئێستادا تەنها ٦٢ کەس خاوەنی سەروەتی ٣.٦ ملیار خەڵکن لە جیهاندا.

### قەیرانەکە کۆتایی پێ دێت؟

سەرەڕای تەرخانکردنی ملیارەها دۆلار بۆ پاڵپشتیی بانک و کۆمپانیاکانی ولاتانی سەرمایەداری و کەمبوونەوەی تێکڕای سود لەو ولاتانەدا، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشانە بۆ سەر چینی کرێکار و کەمکردنەوەی کرێی کارکردنیان و دەرکردنیان لەسەرکار، کەچی ڕاپۆرتە داراییەکان باس لەوە دەکەن کە بازاڕی پشکەکان بەرەو دارمان دەچن، لە سەرەتای قەیرانەکەوە لە ولاتی چین سەرمایە دەبرایە دەرەوە و جۆرێک هەڵهاتن هەستی پێدەکرا و سەرمایەداریی ئێستاشی لەگەڵ بێت لە بارودۆخێکی باشدا نابینرێت.
(چاپکردنی دراو) ڕەنگە ببێتە هۆی بوژانەوەی بازاڕی پشکەکان لە جیهاندا، بەڵام شتێکی ئەوتۆی بۆ هاریکاریی بەرهەمی ناوخۆ و خزمەتگوزارییەکان لە ولاتانی پێشکەوتوو پێ نییە، لە ژمارەیەک لە ولاتانی ئەوروپادا کۆی بەرهەمی ناوخۆ بەبەراورد بە ساڵی ٢٠٠٨ تاڕادەیەک بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، لە یابان چالاکییە ئابورییەکان کەمتربوونەوە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قۆناغی باشبوونی ئابووری ولات لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە بە هێواشتر دەبینرا، لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٥دا کۆبەرهەمی ناوخۆ لە هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بە ڕێژەی ٢% یان کەمتر گەشەی سەند، کە ئەمەش لە دوای قەیرانی ئابوریی ٢٠٠٨ ـەوە بە چیرۆکی سەرکەوتن دادەنرا.
هیچ ئاماژەیەک بۆ کۆتاییهاتن بەم قەیرانە لە ئابوریی ولاتانی پێشکەوتوودا بەدیناکرێت، ئاستی پاڵپشتی دارایی بەشێوەیەکی دراماتیکی کەمتر بووەوە، تێکڕای سود نەدەکرا لەوە زیاتر

دابەزین بەخۆوە ببینێت، هەروەک چۆن قەرزەکانی کۆمپانیا و خەڵک و دەوڵەتانیش کەڵەکە بووبوون.
پێشبینییەکان بۆ وڵاتانی گەشەسەندوو زۆر دڵخۆشکەر نەبوون، وڵاتێکی وەک چین ئابورییەکەی سستیی بەخۆوە بینی و بارودۆخەکە بۆ ڕوسیا و بەرازیل و ئەفریقای باشوور ئاڵۆزتر بوو، بەرازیل کە پێشتر شارەزایانی بواری دارایی هیوایان لەسەرهەڵچنیبوو ئابوریی جیهان ببوژێنێتەوە و لە داکشان ڕزگاری بکات، بەڵام ئەو وڵاتە بۆ خۆی بوو بوو بە سەرچاوەی داکشانی ئابووری.
لەو وڵاتانەش کە ئابوورییەکی مامناوەندیان هەبوو بارودۆخەکە بۆیان توندتر بوو چالاکییە ئابوورییەکان لاوازتر بوون.

ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەکردن و بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد ئابوریی جیهان بەو جۆرەی لێ بێت، بەجۆرێک بێکاری لە جیهاندا بگاتە ٢٠٠ ملیۆن کەس و لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ئێستا ( ٢٠١٦ ) ( ٣٠ ملیۆن کەس بێکار بووە.

## ڕەگەزپەرستی چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟

لەئێستادا جۆرێک لە ناڕازیبوون بۆ ئەم بارودۆخە لە ئەوروپا و ئەمریکا سەریهەڵداوە، لەپێشتر خەڵکی بەدڵخۆشییەوە منداڵیان دەبوو و دەیانزانی کە ژیانێکی باش بۆ ڕۆڵەکانیان فەراهەمە، بەڵام چیتر ئەو دڵنیاییە بەهۆی بارودۆخی ئابورییەوە نەماوە، ئەوان ئێستا بە شێوازێکی عەقڵانی لە دۆخەکە دەڕوانن و دەزانن کە تا دێت بارەکە گرانتر دەبێت بۆیان، بۆیە ئێستا ئەو وڵاتانە سەرزەنشتی خۆیان دەکەن، دەبێت شتێکی تر بکەنە بیانوو کە هۆکاری ئەو دۆخە ناهەموارەیە و دەبێت دژی بوەستنەوە و زنجیرەیەک ڕێکاری تایبەتیی لەبەرامبەردا بگرنەبەر.
ڕەگەزپەرستیش لە گرنگترینی ئەو ڕێکارانەیە، وەک ئاشکرایە ڕەگەزپەرستی لە ڕاگەیاندنەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر پێشچاو دەکەوێت وەک لە جاران، هەروەک بڵێی وەرزێکی کراوەیە دژی کۆچبەران و موسڵمانان و جارجاریش ڕۆما.
لە ئێستادا ڕقلێبوونەوەی سیاسییەکان بەرامبەر بە کۆچبەران و موسڵمانان و وەرگرتنی بیمەی کۆمەڵایەتییەوە( سۆشیال) زۆر بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەمە سەرەڕای بەسەربازگەکردن و بەکامپکردنی کۆچکردنەکەیان و تەنانەت ناوزڕاندنیشیان.
ئەمە نەک تەنها لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بەڵکو سامانێکە و بەدەستدەهێنرێت، بەو مانایەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە ئێستادا هانی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا دەدات کە واز لە سیاسەتی (لانیکەمی کرێ) بهێنن بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە داوای مافی (پەنابەری سیاسی) دەکەن، ئەویش بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی قازانجی دەوڵەمەندان و تۆخکردنەوەی دابەشکردنەکان لە نێوان چینی کریکاراندا.

ئەم هێرشە ڕەگەزپەرستییە تەنها سیاسییە تەقلیدییەکان نایکەن، بەڵکو چەندین پارتی توندڕەو دروستبوون و چەندینی تر ڕۆحیان کرایەوە بەبەردا کە مێژوویەکیان لە توندوتیژی هەیە و هەوڵی فرۆشتنی کاڵا پیسەکانیان دەدەن کە هۆکاری ناکۆکییەکانە.

دەبینیت لە وڵاتانی وەک سوید و هۆڵەندا و بەریتانیا و دانیمارک و فەرەنساو بولگاریا و یۆنان و فینلەندا و پۆڵەندا و چەند وڵاتێکی تریش، چۆن پارتە توندڕەوەکان و فاشیستەکان و پارتە ڕاستڕەوە توندەکان، لە هەڵبژاردنەکاندا بەرەوپێشەوە دەڕۆن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش(دۆناڵد ترەمپ)کاندیدی کۆمارییەکان ئاگری ڕقلێبونەوە و ڕەگەزپەرستی دژ بە موسڵمان و لاتینییەکان هەڵگیرساندووە.[ لە ئێستادا بارودۆخی جیهانیش ئامادەییەکی تەواوی هەیە بۆ ڕەگەزپەرستی و مەزهەبگەری و لەو ڕووەوە تارادەیەکی باش ئامادەیە، ئەمریکاش سەرۆکێکی وەک (ترەمپ)ی بۆ تەیارکردووە، کە پێدەچێت ویرانییەکان لە سەردەستی ئەودا زۆرتر بن].
(دۆناڵد ترەمپ) و پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان لەدەرەوەی دامەزراوە سیاسییەکانەوە هاتوون و دەستیان لە کۆژان(موعانات) و نارەحەتیی دەیان ملیۆن خەڵکی وڵاتەکانیاندا نییە.
ئەوانە هەرکێ بن لەناو دامەزراوەکاندا بن یاخود نا، یەک پەیامیان هەیە ئەویش بەلارێدابردنی هۆشی خەڵکییە لە سیستەمی سەرمایەداری کە دۆخەکەی خولقاندووە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەەیەکە ئەوانە پەرە بەو سیاسەتە کۆنەی سەرمایەداری دەدەن، ئەویش لە کەمکردنەوەی باجی کۆمپانیاکان و سیاسەتی(لانیکەمی کرێ) دا خۆی دەبینێتەوە.

**ناکۆکییە جیۆسیاسییەکان**

یەکێک لە هۆکارەکانی ناجێگیریی بەرهەمهاتوو لە بارودۆخە ئابوورییەکەدا، هەڵکشانی ململانێی نێوان چینە فەرمانڕەواکانە لە جیهاندا. سەرمایەداریی سیستەمێکی داینامیکییە و تیایدا چەند وڵاتێک سەردەکەوێت و چەند وڵاتێکی تریش دەکەوێت، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا لەم دەیەی دواییدا لاوازیی بەخۆیانەوە دەبینن لەولاوە وڵاتێکی وەک چین لە هەڵکشاندایە.
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم هێزە گەشەسەندووەی چین دەترسێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگری بکات لەوەی کە ئەو وڵاتە ببێت بە هێزێکی سەربازی ـ هەرێمی لە قارەی ئاسیا و زەریای هێمندا.
بۆیە لە ئێستادا ئەمریکا لە دۆخێکدا دەبینرێت لەبری ئەوەی پارە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ژێرخانەکەیدا خەرجبکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو زریان و کارەساتە سروشتییانەی هاوین و زستانی وڵاتەکەی ببێتەوە و ژیانی سەدان کەس ڕزگار بکات، کەچی دێت گرێبەستی کڕینی چەک و کەرەستەی جەنگی بە بەهای ملیارەها دۆلار ئەنجامدەدات.
ئوسترالیاش لە ناکۆکییەکانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان نیگەرانە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت وەک نوێنەرێکی مەئموری ئۆباما. ناوچەکە گەورەترین پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن

بەخۆیەوە دەبینێت، هەر دەوڵەتێک خۆی ئامادەکردووە بۆ ململانێکان لە داهاتوودا کە لەسەر ناوچەی ژێردەسەڵات ڕوودەدات.
لەیەکێتیی ئەوروپا، وڵاتانی ئەندام لەناوخۆیاندا لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە، کێ بەرپرسیارێتیی کێشەی پەنابەران دەگرێتە ئەستۆ؟ کێ هاوکاریی بانکەکان دەکات؟ هەریەک لەو دەوڵەتانە هەوڵدەدات بەرپرسیارێتییەکە بخاتە ئەستۆی ئەویتر، و بە لای کۆمەڵێک لە شیکەرەوە(محلل تەقلیدییەکانەوە هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئەوروپا لەژێر کاریگەری ئەم دابەشبوونەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**دژەهێرشێک پێویستە**

پارتە ڕاستڕەوەکان هەر لە سەرەتای قەیرانە داراییەکەوە تەحەکومی بە بارودۆخەکەوە کردووە، چەپەکان توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نەبووە، یەکێتییە جیهانییەکان بەرەو لاوازی ڕۆیشتن و لەدەرەنجامی ئەوەوە گاڵتەجارییەکی فراوان بەرۆکی جیهانی گرتۆتەوە، ئەمە گەر بێهیوایی نەبێت.
ئەمە مانای ئەوە نییە کە سەرمایەداران بەئاسانی هەناسەدەدەن و کرێکارانیش بەو هەموو سانایییەوە هەموو شتێک لەوانەوە قبوڵدەکەن، بەنمونە لە وڵاتێکی وەکو "چین" کرێکاران بە دەستی خۆیان مافەکانیان بەدەستدەهێنن و مانگرتن لە کارکردن گەشتە ئاستێکی پێوانەیی.
لەناوچەکانی تریش پارتی تازە دەرکەوتن و پارتە چەپەکان بەڵێنیان بە کەمکردنەوەی ناهەموارییەکانی بارودۆخی کریکاران دا، ئەویش بە جێبەجێکردنی پلانێکی نوێی دیموکراتیی کۆمەڵایەتی تەقلیدییەوە کە لە باشترکردنی کرێ و چاودێریی کۆمەڵایەتیی باشتر و تەندرووستی و پەروەردە و سیستەمی پاراستنی بەتەمەنەکاندا خۆی دەبینییەوە، واتە هەموو ئەوانەی کە پارتە چەپە تەقلیدییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ فەرامۆشیانکردبوو.
پارتە چەپەکانی وەک (سیریزا) لە یۆنان و کوتلەی چەپ لە پرتوگال و (بۆدیمۆس) لە ئیسپانیا، لە ئێستادا لەناو کرێکاراندا پشتگیرییەکی گرنگیان بەدەستهێناوە، لە بەریتانیاش ئەگەرچی سەرۆکی پارتی کرێکاران (جێرمی کۆربن) لەناو دامەزرێنەرانی پارتەکەدا پاڵپشتی ناکرێت، بەڵام لەناو دەنگدەراندا شەعبییەتێکی زۆری هەیە.
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش سیناتۆرێکی وەک(بێرنی ساندرز) لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا لەناو پارتی دیموکراتەکاندا دەنگێکی وای بەدەستهێناوە کە لە ئاست پێشبینییەکاندا نەبوو.
ئەم کەسایەتی و پارتە چەپڕەوانە چارەی کێشەکان ناکەن کە بەرۆکی کرێکاریان گرتووە، پارتەکەی سیریزا لەماوەی چەند مانگێکدا خیانەتی لە بەرنامەی (سکهەڵگوشین/دەستگرتنەوە) کرد، ئەویش بە دانانی سنورێک بۆ کارکردن لەناو ئامێری دەوڵەتێکی سەرمایەدارییدا. لە جیهاندا ئێستا کرێکاران بەباشی دەزانن لە کۆمەڵە و پارتێکی چەپی وادا خۆیان ڕێکبخەن کە ئەڵتەرناتیف بێت بۆ ئەو بارودۆخەی هەیە. کاری هەرە گرنگی چەپەکان لە ئێستادا ئەوەیە کە هەموو هێزێکی خۆیان کۆبکەنەوە و خۆیان ڕێکبخەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەڵستیی ئەو هێرشە بەردەوامەی سەرمایەداری بکەن کە دەیکاتە سەر کریکاران و خوێندکاران و هەژاران.

سەرچاوە: www.a**hewar**.org